No : ژمارە : ١٩٣٣
Date : ڕێکەوت : ٢٢ / ٩ / ٢٠٢٦

بۆ / سەرجەم بەشە زانستی و بەڕێوەبەرێتی و سەنتەرەکان

بابەت / گشتاندن

-هـــاوپێچ لەگەڵ نوســـراوماندا، وێـــنەیەک لە (ڕێکـــاری ڕەفتـــاری پیشـــەیی تـــایبەت بە مامۆســـتایانی زانکـــۆ و ڕەفتـــاری قوتابیـــان/ خوێنـــدکارانی زانکـــۆ) تـــان بـــۆ دەنێـــرین، بەمەبەســـتی ئاشـــناکردنی مامۆســـتایان و فێرخوازان لە ناوەڕۆک و دەرەنجامەکانی.

پ.ی.د.ڕێبوار ملا نبی
ڕاگر
٢٠٢٦/٩/٢٢

وێنەیەک بۆ :
- دەرچوو/بەراییەکان .

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البحث والتطوير
مديرية الدراسات العليا

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا


پەیمانگای تەکنیکی کوردستان/ سلێمانی
ژمارە/العدد: ١٣٤
ڕێکەوت/التاريخ: ١٤/ ٩/ ٢٠٢٦
وەرگرتە

ژمارە: ١٥٤٠٤
ڕێکەوت: ١٣/ ٩/ ٢٠٢٦ی زایینی
٢٢/ ٦/ ٢٧٢٦ی کوردی

لە پێناو دیاریکردنی ستانداردەکانی رەفتاری پیشەیی مامۆستایان و رەفتاری قوتابیان/خوێندکارانی زانکۆ لە خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵا و بۆڕدی کوردستانی لە گشت زانکۆ و ئەنجومەن و دەستە و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، بڕیارمان دا بە دەرکردنی ئەم رێکارەی خوارەوە:-

## رێکاری رەفتاری پیشەیی تایبەت بە مامۆستایانی زانکۆ و رەفتاری قوتابیان/خوێندکارانی زانکۆ

### ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، بریتییە لەو واتایانەی کە بەرامبەریان نووسراوە لە هەر شوێنێک کە لەم رێکارەدا هاتبێت:

- وەزارەت: وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان- عێراق.
- **زانکۆ:** سەرجەم زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان.
- **دەستە:** دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی.
- **ئەنجومەن:** ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی.
- **کۆلێژی زانکۆیی:** سەرجەم کۆلێژە زانکۆییە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان.
- **پەیمانگەی تایبەت:** سەرجەم پەیمانگە تەکنیکی و پیشەییە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان.
- **کۆلێژ:** کۆلێژ/سکوڵ/فاکەڵتی.
- **مامۆستا:** ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەی خاوەن نازناوی زانستی (مامۆستا یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) لە گشت زانکۆ و ئەنجومەن و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان کە وانەدەڵێنەوە یان ئەوانەی وانەی پراکتیکی دەڵێنەوە یاخود سەرپەرشتی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا دەکەن.
- **قوتابی/خوێندکار:** قوتابی/خوێندکاری گشت قۆناغە جیاجیاکانی خوێندنی دیپلۆمی تەکنیکی و پیشەیی و بەکالۆریۆس و دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا و بۆڕدی کوردستانی لە گشت زانکۆ و ئەنجومەن و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان.

### ماددەی دووەم: رەفتاری ئەکادیمی و هەڵسوکەوتی پیشەیی مامۆستا:

پێویستە مامۆستا لە میانەی پرۆسەی خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵا پابەند بێت بەم خاڵانەی خوارەوە و جێبەجێیان بکات، بە پێچەوانەوە بە پێی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١)ی هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و لە رێگەی پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوون یان لیژنەی لێکۆڵینەوە رێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگیردرێتەبەر، هەروەها بە پێی رێکاری ئاکاری ئەکادیمی رێنوشوێنی یاسایی بەرامبەریان دەگیردرێتەبەر و ئەو سەرپێچی و پێشێلکاریانەی بەپێی یاسا بە تاوان و کەتن هەژمار دەکرێن، رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت:-

١. نابێت جیاوازی لە نێوان قوتابیان/خوێندکاران بکات لەسەر بنەمای (جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و رەگەزی و رەچەڵەک و بیروڕا و ئینتیمای سیاسی و زمان و کەلتور و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شێوە و روخسار...هتد) لە گشت قوناغەکانی پرۆسەی خوێندن، بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە و بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ قوتابیان/خوێندکاران بکات.

٢. دەبێت بە شێوەیەکی پیشەیی و ئەکادیمی هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابیان/خوێندکاران بکات و نابێت زمانی هەڕەشەئامێز و توندوتیژ و قسەی نەشیاو و بریندارکەر بەرامبەر قوتابی/خوێندکار بەکاربهێنێت، لە بەرامبەردا پێویستە شکۆ و کەرامەتی قوتابی/خوێندکار بپارێزرێت.

٣. نابێت هەوڵ بدات پەیوەندی کەسی و سۆزداری لەگەڵ قوتابی/خوێندکار دروست بکات.

٤. دروستکردنی پەیوەندی پیشەیی لەگەڵ قوتابیان/خوێندکاران لە هەموو کاتێکدا، دورکەوتنەوە لە دروستکردنی هەموو جۆرە پەیوەندیەکی سۆزداری یان هاوسەرگیری لەگەڵ قوتابیان و خوێندکاران بە هەموو ئاستەکانیەوە (وانەوتنەوە، هەڵسەنگاندن، سەرپەرشتیکردن).

٥. ئەگەر هاتوو پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ قوتابی/خوێندکاری خۆی لە کاتی ماوەی خوێندیدا ئەنجام بدات، پێویستە مامۆستا بگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی بەش و کۆلێژ/پەیمانگەکەی و مافی وانەوتنەوەی لەو بەشە نابێت.

٦. هەراسانکردنی سێکسی بەرامبەر قوتابیان/خوێندکاران بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە.

٧. نابێت پەیوەندی تەلەفۆنی تایبەت و کەسی بۆ قوتابی/خوێندکار بکات، بەڵکو دەبێت پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی رێگا فەرمییەکان بێت کە زانکۆ دیاری دەکات وەکو بەکارهێنانی ئیمێلی فەرمی زانکۆ یان پلاتفۆرمەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی فێرکردن – LMS، هەروەها دەبێت پەیوەندی تەلەفۆنی تەنها لە رێگەی نوێنەری پۆل یاخود لە رێگەی سەرۆک و بڕیاردەری بەش ئەنجام بدرێت.

٨. رێگەپێدراو نییە مامۆستا دیاری لە قوتابی/خوێندکار وەربگرێت بە هەر شێوەیەک بێت، چونکە بە بەرتیل (رشوة) هەژمار دەکرێت و دوای لێکۆڵینەوە ئەگەر سەلمێندرا، ئەوا راستەوخۆ کەیسەکە رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت.

٩. لە پێناو پیشەیی بوون و لایەنگیری نەکردن لە پرسە زانستییەکاندا، نابێت لە پۆلێک یان قۆناغێک وانەبڵێتەوە ئەگەر هاتوو پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلە (٤) چواری لەگەڵ قوتابی/خوێندکار دا هەبێت.

١٠. نابێت ببێتە سەرپەرشتیار یان سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردنی پرۆژەی دەرچوونی دیپلۆمی تەکنیکی و پیشەیی بەکالۆریۆس و دیپلۆمی باڵا و ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و بۆردی کوردستانی یاخود سەرۆک و ئەندامی هیچ لیژنەیەک لە ماوەی پرۆسەی خوێندندا، ئەگەر هاتوو پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلە (٤) چواری لەگەڵ قوتابی/خوێندکار دا هەبێت.

١١. نابێت دوو مامۆستا ببنە ئەندامی یەک لیژنە، ئەگەر هاتوو پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلە (٤) چواری لەگەڵ یەکتردا هەبێت.

١٢. لە کاتی پرۆسەی وانەوتنەوەدا، پێویستە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بێ لایەنانە وانە بڵێتەوە و نابێت نمونەی هاندان بۆ دروستبوونی دووبەرەکی و رقوکینە و سوکایەتی و بێرێزی نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و گاڵتەجاری و گاڵتەوگەپ...هتد بهێنێتەوە و دەستەواژەی ناوزڕاندن بەکاربهێنێت، بەڵکو پێویستە نموونەکان لە چوارچێوەی خوێندنی ئەکادیمیدا بێت و لە پێناو خزمەتی نیشتیمان بێت.

١٣. پێویستە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و نمرەی قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەکان، لەسەر بنەمای هەوڵ و کۆششی قوتابی/خوێندکار بێت کە لە سەرەتای ساڵی ئەکادیمی لە کۆرسبوکی بابەت دیاریکراوبێت و نابێت (هیچ پەیوەندیەکی کەسی و جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و رەچەڵەک و رەگەزی و بیروڕا و ئینتیمای سیاسی و ..هتد) کاریگەری لەسەر پرۆسەی دانانی نمرە و تاقیکردنەوەی قوتابی/خوێندکار هەبێت. لەم رووەوە نابێت کارئاسانی و هاوکاری قوتابی/خوێندکارێکی دیاریکراو بکات، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری بێت.

١٤. دەبێت دەرفەتی یەکسان و دادپەروەر بۆ گشت قوتابیان/خوێندکاران بڕەخسێنێت لە کاتی گفتوگۆکردن و پرسیارکردن و روونکردنەوە دەربارەی پرسە زانستییەکان لە چوارچێوەی بابەتی خوێندندا و نابێت هیچ قوتابی/خوێندکارێک پەراوێز بخات.

١٥. پێویستە پابەندبێت بە بنەماکانی دەسپاکی ئەکادیمی و ڕێکاری ئاکاری ئەکادیمی لە گشت قۆناغەکانی پرۆسەی خوێندن.

١٦. نابێت هیچ جۆرە ناو و ناتۆرەیەک لە قوتابی/خوێندکار بنێت بە هۆی خاوەن پێداویستی تایبەت یان هەر هۆکارێکی دیکە، لە بەرامبەردا پێویستە بە ڕێزەوە ناوی قوتابی/خوێندکار بهێنێت.

١٧. نابێت هیچ جۆرە فشارێک لە ناوەوەی زانکۆ یان لە دەرەوەی زانکۆ لە قوتابی/خوێندکار بکات بەدەر لە کاروباری ئەکادیمی یان کاری تایبەت و کەسی خۆی بە قوتابی/خوێندکار ئەنجام بدات.

١٨. نابێت لە ژێر کاریگەری خواردنەوەی کحولی بچێتە نێو حەرەمی زانکۆ بکات و بچێتە نێو هۆڵی خوێندن یان هەر دامەزراوەیەکی سەر بە وەزارەت.

١٩. نابێت لە شوێنی گشتی بە شێوەی نەشیاو دەربکەوێت چ لە ڕووی ڕەفتار یان ڕووخسار بێت.

٢٠. نابێت گەشتی کەسی لە گەڵ قوتابی/خوێندکار بکات، تەنها لە حاڵەتی گەشتی زانستی و فەرمی کە زانکۆ یان کۆلێژ یاخود بەشی زانستی ڕێکدەخرێت و داوا لە مامۆستا دەکرێت کە یاوەری قوتابی/خوێندکاران بکات.

٢١. پێویستە ڕێزی تەواو لە مامۆستا هاوپیشەکانی بگرێت و ناکرێت بە شێوەیەکی نەرێنی هەڵسوکەوت و باسی مامۆستاو بەشی زانستی و کۆلێژ و پەیمانگە و زانکۆ بکات لە ناوەوە و دەرەوەی زانکۆ.

٢٢. ڕەچاوکردنی پێداگۆجی وانەوتنەوە بە شێوازی مۆدێرن و میتۆدی گونجاوی وانەوتنەوە، هەروەها پەیڕەوکردنی میتۆدی گشتگیر و ڕەچاوکردنی جیاوازی و خاوەن پێداویستی تایبەت لەناو هۆڵەکانی خوێندندا و بڵاوکردنەوەی بەهاکانی ئاکاری ئەکادیمی لە نێو قوتابی/خوێندکاراندا.

٢٣. نوێکردنەوەی بەردەوامی ناوەڕۆکی وانەکان لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوە و سەرچاوەی زانستی نوێ و گەشەکردنی تەکنۆلۆجی.

٢٤. دورکەوتنەوە لە هەموو ڕەفتارێکی جیاکاری، بێزارکردن، هەراسانکردن لەناو ژینگەی کارکردنی زانکۆ، هەروەها ڕوبەڕوبونەوەی ئەم ڕەفتارانە لەکاتی ئەنجامدانی لەلایەن کەسانی دیکە بەپێی ڕێکار و ڕێنماییەکانی شکۆمەندی ژینگەی کارکردنی زانکۆ.

٢٥. ئاشکراکردنی بەرژەوەندی ئابوری، کەسی، خێزانی، بازرگانی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بڕیاری وانەوتنەوە، هەڵسەنگاندن، سەرپەرشتیکردن، توێژینەوەی زانستی، کڕینی کەل و پەلی زانکۆ بکات.

٢٦. مامۆستایان دەبێت ڕەزامەندی زانکۆ بەدەست بهێنن بۆ ئەنجامدانی کاری ڕاوێژکاری، یان وانەوتنەوە یان هەر کارێکی دیکە کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر ئەرکە زانکۆییەکان هەبێت، بە ڕەچاوکردنی ڕێنمایی و ڕێکارە بەرکارەکان.

٢٧. مامەڵەکردنی ئاگایانە و هۆشیارانە لە نوسینی ئیمەیل و بەکارهێنانی پلاتفۆرمکانی بەڕێوەبردنی پۆلەکان و سۆشیاڵ میدیا، چونکە هەر ناوەڕۆکێک لەلایەن مامۆستایانی زانکۆوە بڵاو بکرێتەوە کاریگەری لەسەر پێگە و ناو و ناوبانگی زانکۆ دەبێت تەنانەت ئەگەر لەدەرەوەی کاتەکانی کارکردنیش.

٢٨. ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی تەندروستی و سەلامەتی لەناو پۆل و تاقیگە و کاری مەیدانی و مەشقی هاوینە و ئاگادارکردنەوەی بەشی زانستی لە کاتی هەبوونی کەموکورتی.

٢٩. پاراستنی هەموو ئەو نهێنیانەی پەیوەندیدارن بە زانیارییە کەسییەکان و ڕیکۆردی قوتابیان و خوێندکاران و نمرە و داتای کەسی و بابەتە بەرزەفتیەکان.

٣٠. پاراستنی نهێنی ناوەڕۆکی پرسیار و ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و گفتوگۆی ناو لێژنە جیاجیاکانی زانکۆ هەتا کاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامی کاری لێژنەکان.

٣١. هەڵگرتن و پاراستن و گواستنەوەی داتا کەسی و هەستیارەکان لەناو ئەو سیستمانەی کە لەلایەن زانکۆوە دیاری دەکرێت.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا

**حكومة اقليم كوردستان - العراق**
**مجلس الوزراء**
**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي**
دائرة البحث والتطوير
مديرية الدراسات العليا

---

## ماددەی سێیەم: ڕەفتاری پیشەیی قوتابی/خوێندکار:

پێویستە قوتابی/خوێندکار لە ماوەی پرۆسەی خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵا، پابەند بێت بەم خاڵانەی خوارەوە و جێبەجێیان بکات، بە پێچەوانەوە بە پێی ڕێنمایی بەرزەفتکردنی قوتابیان و خوێندکاران ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٩) یان هەر ڕێنماییەکی دیکە کە دواتر دەردەچێت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگیردرێتەبەر و هەروەها ئەو سەرپێچی و پێشێلکاریانەی بەپێی یاسا بە تاوان و کەتن هەژمار دەکرێن، ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت:

١. هەوڵ و کۆششی کەسی خۆی بدات بۆ بەدەستهێنانی نمرە و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە لە بابەتەکان، نابێت پەنا بباتە بەر ڕێگا نازانستی و نایاساییەکان و وەک پەنابردنەبەر (خزمایەتی و واستە و ...هتد).
٢. نابێت هەوڵ بدات هیچ جۆرە هەڕەشە و فشارێک لە ناوەوەی زانکۆ یان لە دەرەوەی زانکۆ لە مامۆستای بابەت بکرێت بۆ پرسی زیادکردنی نمرە و پێدانی پرسیاری تاقیکردنەوە و یارمەتیدان بە مەبەستی دەرچوون.
٣. نابێت هەوڵ بدات پەیوەندی کەسی و سۆزداری لەگەڵ مامۆستا دروست بکات بە هەر ئامانجێک بێت.
٤. نابێت پەیوەندی تەلەفۆنی بە مامۆستا بکات، بەڵکو پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی ڕێگا فەرمییەکان دەبێت کە زانکۆ دیاری دەکات وەکو بەکارهێنانی ئیمێڵی فەرمی زانکۆ یان پلاتفۆرمەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی فێرکردن – LMS، تەنها نوێنەری پۆل ڕێگەپێدراوە پەیوەندی تەلەفۆنی بە مامۆستای بابەت یان لە ڕێگەی سەرۆک و بڕیاردەری بەش بکات.
٥. نابێت داوای بانگهێشتی میوانداری لە مامۆستایان و ستافی کارگێڕی بکات بۆ مەبەستی خوان.
٦. نابێت دیاری پێشکەشی مامۆستا و ڕاگری کۆلێژ و سەرۆکی بەش و ستافی کارگێڕی بکات.
٧. پێویستە پابەند بێت بە ڕێزگرتن لە مامۆستا و هەڵسوکەوتکردنی بەشێوەیەکی پیشەیی و ئەکادیمی و هەروەها پێویستە ڕێز لە کۆشش و ماندووبوونی مامۆستا بگرێت و بەرز بینرخێنێت.
٨. نابێت هەڕەشە و قسەی نەشیاو بەرامبەر مامۆستا بکات و ڕێگای توندوتیژی بگرێتەبەر.
٩. لە پۆشینی جلوبەرگدا، ڕەچاوی ئادابی گشتی و دابوونەریت و کەلتوری کۆمەڵگەی کوردستان بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو زانکۆ/کۆلێژی زانکۆیی/پەیمانگە کۆدی جلوبەرگ (Dress Code)ی دەست نیشان کرد، پێویستە قوتابی/خوێندکار بە جێبەجێکردنی پابەند بێت.
١٠. لە کاتی وانەوتنەوەدا، پێویستە قوتابی/خوێندکار پرسیارکردن و داواکردنی ڕوونکردنەوە لە مامۆستا دەربارەی پرسە زانستییەکان لە چوارچێوەی بابەتی خوێندندا بێت و مامۆستا ئازادە لە وەڵام نەداوەی پرسیارەکانی دەرەوەی بابەتە زانستییەکان.
١١. نابێت لە ناو هۆڵی وانەوتنەوە مۆبایل بەکاربهێنێت و پێویستە مۆبایلەکەی لەسەر زەنگ نەبێت و بێدەنگ بێت، لەحاڵەتی زۆر پێویست و لەناکاو، قوتابی/خوێندکار پێویستە ڕەزامەندی مامۆستای بابەت وەربگرێت بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوەی هۆڵی وانەوتنەوە بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پەیوەندی تەلەفۆنی.
١٢. بەکارهێنانی مۆبایل بۆ مەبەستی فێربوون لە ناو هۆڵی خوێندن بە ڕەزامەندی مامۆستای بابەت ڕێگەپێدراوە.
١٣. نابێت وێنە و ڤیدیۆی مامۆستا بگرێت یان تۆماری دەنگی وانەکان بکات لە کاتی پرۆسەی وانەوتنەوە بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەختەی مامۆستای بابەت و سەرۆکایەتی بەشی زانستی.
١٤. نابێت قوتابی/خوێندکار بە ناوی خۆی ناوی مامۆستا بهێنێت (ناوی خودی مامۆستا بهێنێت)، بەڵکو پێویستە بە پێشگری (مامۆستا) بۆ هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و (دکتۆر) بۆ هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا ناوی بهێنێت، چونکە پێشگری ئاکادیمی و نازناوی زانستی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان وەرگیراوە.

١٥. قوتابی/خوێندکار پێویستە ئەو سەرچاوە و ئامراز و کەرەستە گوازراوە و نەگوازراوانە بپارێزێت کە لە لایەن زانکۆوە دەخرێنە بەردەستی و بە شێوەی ئەمانەت بەکاری بهێنێت.

١٦. پێویستە قوتابی/خوێندکار رێز لە حەرەمی زانکۆ بگرێت و تەنها بۆ مەبەستی زانستی و ئەکادیمی بەکاری بهێنێت و نابێت هیچ جۆرە چالاکیەکی وەک (سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی...هتد) ئەنجام بدات بە بێ وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی بەش و راگرایەتی کۆلێژ جگە لەو بۆنە و چالاکیانەی کە لە لایەن زانکۆ و کۆلێژ و بەشی زانستی سەربەرشتی دەکرێن.

١٧. لە پێناو رەچاوکردنی بارودۆخی دارایی قوتابیان/خوێندکاران و هەوڵدان بۆ دروستنەبوونی چینایەتی و دروستنەبوونی کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی خوێندن، نابێت بۆنە تایبەت و کەسییەکان وەک (رۆژی لە دایکبوون و یادی هاوسەرگیری و ...هتد) لە ناو حەرەمی زانکۆ ئەنجام بدرێت.

١٨. پێویستە لە کاتی هەبوونی ناکۆکی لەگەڵ هاوپۆلەکانی مامەڵەی شارستانیانە و پیشەییانە بکات و هەوڵ بدات بە شێوەی گفتوگۆ و رێگای ئاشتی چارەسەری ناکۆکیەکە بکات و نابێت بە هیچ شێوەیەک رێگای توندوتیژی بەکاربهێنێت.

١٩. نابێت فشار لەسەر قوتابی/خوێندکارەکانی دیکە یان هاوپۆلەکانی بکات بۆ مەبەستی ئەنجام نەدانی ئەرکە زانستیەکانی وەک (تاقیکردنەوە و پێشکەشکردنی سیمینار و ئامادەکردنی راپۆرت و نەچوونە هۆڵی خوێندن).

٢٠. پێویستە زانکۆ و دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەت وەکو ماڵی خۆی سەیر بکات و لە پیسبوون بیپارێزێت و نابێت پاشماوەی خواردەمەنی و خواردنەوە فڕێ بدات و پێویستە لە شوێنی تایبەتی دەستنیشانکراو دایبنێت و هەوڵی پاراستنی ژینگەی زانکۆ/پەیمانگە بدات.

٢١. پێویستە کەمتەرخەم نەبێت بەرانبەر بە کەلوپەل و شوناس و ناوبانگی زانکۆ یان بێ هەڵوێستبێت لە کاتی زیان گەیاندن بە رەهەندی ماددی و مەعنەویی زانکۆ لە لایەن کەسانی ترەوە.

٢٢. - پێویستە زێدە رەوی یان خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەی زانستی و ئامێر و تاقیگە و کەلوپەکان ئەنجام نەدات ج بە خودی خۆی یان کەسانی تر بێت.

٢٣. نابێت خواردن بباتە ناو هۆڵەکانی خوێندن، تەنها هێنانی ئاوی خوارەوە بۆ ناو هۆڵی خوێندن رێگەپێدراوە.

٢٤. نابێت خواردنی بەکۆمەڵ لە دەرەوەی زانکۆ بباتە ناو حەرەمی زانکۆ بە بێ وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی بەش و راگرایەتی کۆلێژ.

٢٥. نابێت (خواردنەوە کحولیەکان و چەک و ئامرازەکانی توندوتیژی و..هتد) بباتە ناو حەرەمی زانکۆ، چونکە حەرەمی زانکۆ ئارام و پارێزراو و سەربەخۆیە.

٢٦. پێویستە پابەند بێت بە ئامادەبوونی لە هۆڵەکانی خوێندن بە پێی خشتەی وانەکان لە کاتی خۆیدا، تەنها لە (١٠) دە خولەکی سەرەتای کاتژمێری وانەی یەکەمی رۆژانە ئەگەر هاتوو قوتابی/خوێندکار بە پاساوی رەوا (عذر المشروع) و لەتوانابەدەر (قوة القاهرة) دواکەوت مامۆستا رێگەی پێدەدات بچێتە نێو هۆڵی خوێندن. بەڵام لە کاتژمێری دووەم و وانەکانی دواتردا، پێویستە لە کاتی دیاریکراودا و بە پێی خشتەی وانەکانی رۆژانە لە نێو هۆڵی خوێندن ئامادەبێت، بە پێچەوانەوە مامۆستا ئازادە لە رێگەنەدان بە هاتنە ژوورەوەی قوتابی/خوێندکار بۆ نێو هۆڵی خوێندن.

٢٧. پێویستە بتوانێت تەبا و هەماهەنگ لەگەڵ هاوپۆل و کەسانی تر لە ناو زانکۆ/پەیمانگەدا کار بکات و پرۆژەی هاوبەش و کاری پێکەوەیان لەگەڵدا ئەنجام بدات بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی ئەرک و ماف و پاراستنی سنوری کەسی ئەوانیدی.

٢٨. نابێت لە کاتی وانەوتنەوە و لە دەرەوەی هۆڵی خوێندن و لە نێو حەرەمی زانکۆدا پشێوی و گەرەڵاوژە (فوضى) دروست بکات و ژینگەی ئەکادیمی هۆڵی خوێندن تێک بدات، بەڵکو پێویستە پابەند بێت بە رێنوێنی مامۆستای بابەت بۆ مەبەستی بەڕێوەچوونی پرۆسەی وانەوتنەوە و دروستکردنی کەشێکی ئەکادیمی، بە پێچەوانەوە مامۆستا دەتوانێت ئاگاداری قوتابی/خوێندکار بکات دەربارەی پابەندبوونی بە ئامۆژگارییەکانی یان

ڕاستەوخۆ داوا لە قوتابی/خوێندکار هۆڵی خوێندن چۆڵ بکات بە مەبەستی تێکنەچوونی ئارامی هۆڵی خوێندنەکە، لەم حاڵەتەدا مامۆستا پێویستە قوتابی/خوێندکار بە نەهاتوو هەژمار بکات.

٢٩. پێویستە پابەند بێت بە ڕێنوێنیەکانی کارمەندەکانی پرسگەی زانکۆ لە کاتی داواکردنی ناسنامە یان ڕێگەنەدان بە بردنە ژوورەوەی کەل و پەلە قەدەغەکراوەکان و یاخود ئەنجامدانی پشکنین بۆ قوتابیان/خوێندکاران.

٣٠. نابێت ناوی مەعنەوی زانکۆ بۆ بەرژەوەندی کەسی خۆی بەکاربهێنێت کە لەگەڵ سیاسەتی زانکۆکە نەگونجێت.

٣١. نابێت لە پێناو بەرژەوەندی کەسی خۆی یان کەسێکی دیکە یاخود کۆمپانیا و دامەزراوەیەک، بڵاوکراوە و ریکلامی بازرگانی لە ناو حەرەمی زانکۆ بڵاوبکاتەوە بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی بەش و ڕاگرایەتی کۆلێژ.

٣٢. پێویستە پابەند بێت بە یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی و ڕێکارە بەرکارەکان و بڕیارەکانی زانکۆ و ئەنجومەن و کۆلێژ و پەیمانگە و سەرۆکایەتی بەش کە پەیوەندیدارن بە پرۆسەی خوێندن و نابێت پێشێلی بکات.

## ماددەی چوارەم: حوکمە گشتییەکان:

١. پێویستە لەسەرەتای وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکارانی قوناغی یەکەم لە زانکۆ و پەیمانگەکان بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی خوێندن، لە لایەن سەرۆکایەتی بەشی زانستی ڕۆژێک لە هەفتەی یەکەمی پرۆسەی خوێندن بۆ (ئاراستەکردن و بەرزەفتکردن-Orientation) تەرخان بکرێت بە مەبەستی ئاشنابوونی قوتابیان/خوێندکاران بە ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە پرۆسەی خوێندن وەکو (ڕێنمایی بەرزەفتکردنی قوتابیان و خوێندکاران، و ڕێنمایی تاقیکردنەوەکان و ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە و..هتد) لە ڕێگەی ئەنجامدانی (سیمینار یان کۆبوونەوەی گشتی).

٢. پێویستە حەرەمی زانکۆ پارێزراو بێت و هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی تێدا نەبێت کە کاریگەری بکاتە سەر ڕەوتی پرۆسەی فێربوون و خوێندن.

٣. نابێت لە هۆڵی وانەوتنەوە بابەتی ئایدۆلۆژی و ئایینی وکەسی و هاوشێوەکانی باس بکرێت، تەنها لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر لە چوارچێوەی بابەتەکە بێت کە پێویست بە نمونە هێنانەوە بکات و لەم حاڵەتەشدا پێویست بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و دوور لە لایەنگیری گفتوگۆ بکرێت و نابێت تۆمەت و ناوزڕاندن بە هیچ لایەن وکەس و دامەزراوەیەک بکرێت.

٤. نابێت پێکدادانی بەرژەوەندی (تنازع المصالح-Conflicts of Interest) هەبێت لە نێوان مامۆستا و قوتابی/خوێندکار یان لەگەڵ ستافی کارگێری لە میانەی پرۆسەی خوێندندا کە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر ڕەوتی خوێندن.

٥. نابێت لە ناو حەرەمی زانکۆدا جگەرە و ڤەیپ و نێرگەلە لە لایەن قوتابیان/خوێندکاران و مامۆستایان و ستافی کارگێری بکێشرێت، تەنها ئەگەر هاتوو شوێنی تایبەت بۆ جگەرەکێشان (Smoking Area) لە لایەن زانکۆ وکۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە دیاری کرابێت.

٦. پێویستە مامۆستایان و قوتابیان/خوێندکاران پابەند بن بە پێوەرەکانی ڕەفتار و بەها کۆمەڵایەتیەکان لە ناوەوە و دەرەوەی زانکۆ.

٧. مامۆستایان و بەشداربووانی خولەکانی پێداگۆجی و سەنتەری زمان و هەر خولێکی دیکە کە لە لایەن زانکۆ و دەستە و ئەنجومەن وکۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە، هەمان ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە لەسەریان جێبەجێ دەکرێت.

٨. لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی خاڵەکانی هاتوو لەم ڕێکارە، پێویستە مامۆستا یان قوتابی/خوێندکار یان بەشداربووی خول، سکاڵایەک بە واژووی خۆی پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەشی زانستی بکات بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بە زووترین کات کە لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە دیاریکراوە.

٩. نابێت قوتابی/خوێندکار لە پێناو شکاندنی کەسایەتی مامۆستا کەیس دروست بکات و سکاڵا پێشکەش بکات بە بێ هۆکار و بنەما و بەڵگەی پێویست، بە هەمان شێوە مامۆستا نابێت کەیس بۆ قوتابی/خوێندکار دروست بکات و سکاڵا پێشکەش بکات بە بێ هۆکار و بنەما و بەڵگەی پێویست. بە پێچەوانەوە بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە سەر ئەستۆی لایەنی سکاڵاکار و ڕەوانەی لایەنی دیاریکراو دەکرێت.

١٠. ئەو حاڵەتانەی کە ئاشکرا دەبێت لە سەرپێچی کردنی مامۆستایان و قوتابیان/خوێندکاران و بەشداربووانی خول لە پابەندنەبوون بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە و بەڵگەی تەواو لەبەردەست دەبێت، پێویستە ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕاگری کۆلێژ یان سەرۆکی بەشی زانستی پەیوەندیدار ڕێکاری یاسایی بگیردرێتەبەر بە پێی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە، بە پێچەوانەوە ناوبراوان بە کەمتەرخەم هەژمار دەکرێن و بەرپرسیارێتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆیان.

١١. سەرجەم ئەو سکاڵایانەی لە لایەن مامۆستا یان قوتابی/خوێندکار یان بەشداربووی خول پێشکەش دەکرێن، پێویستە زامنی پاراستنی نهێنی ناوی سکاڵاکار بکرێت.

١٢. ئەو سەرپێچی و پێشلکارییانەی کە لە لایەن مامۆستا ئەنجام دەدرێن کە لەم ڕێکارە دیاری کراون، لیژنەی بەدواداچوون یان لیژنەی لێکۆڵینەوە لە لایەن ڕاگری کۆلێژ/پەیمانگەی یاخود سەرۆکی زانکۆ پێکدەهێندرێت، ئەو سزایانەی کە لە ناوەڕۆکی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١)ی هەموارکراو دەست نیشان کراوە، ڕێکارە یاساییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەگیردرێتەبەر:

أ. ئەو سزایانەی لە دەسەڵاتی ڕاگری کۆلێژ/پەیمانگە دایە، ڕاستەوخۆ ڕاگری کۆلێژ/پەیمانگە کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی.

ب.ئەو سزایانەی لە دەسەڵاتی سەرۆکی زانکۆ دایە، ڕاستەوخۆ ڕاگری کۆلێژ/پەیمانگە نووسراو بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ بەرز دەکاتەوە تاوەکو سەرۆکی زانکۆ کاری پێویست ئەنجام بدات بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی.

ج. ئەو سزایانەی لە دەسەڵاتی وەزیر دایە، لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆ نووسراو ڕەوانەی وەزارەت دەکرێت بۆ گرتبەری ڕێوشوێنی یاسایی.

د. ئەو سەرپێچی و پێشێلکاریانەی بەپێی یاسا بە تاوان و کەتن هەژمار دەکرێن، ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت بە پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە.

١٣. مامۆستایانی زانکۆ و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە پیشەیی و تەکنیکیە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، هەمان ئەو سزایانەی کە لە ناوەڕۆکی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١)ی هەموارکراو هاتووە، لەسەریان جێبەجێ دەکرێت لە کاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی.

١٤. پێویستە لەسەر گشت زانکۆ و دەستە و ئەنجومەن و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە لەسەر وێبسایتی فەرمی خۆیان بڵاوبکەنەوە بە مەبەستی ئاگاداربوونی مامۆستایان و قوتابیان/خوێندکاران و بەشداربووانی خول لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە.

**ماددەی پێنجەم:** کار بە هیچ بڕیار و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و فەرمانی زانکۆیی و نووسراوێک ناکرێت کە پێچەوانە و ناکۆک بێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە.

**ماددەی شەشەم:** ئەم ڕێکارە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧) و ساڵانی دواتر جێبەجێ دەکرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البحث والتطوير
مديرية الدراسات العليا

## هۆیەکانی دەرچوون

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و فەراهەمکردنی شەفافیەت و یەکسانی و دادپەروەری و دیاریکردنی ئاکار و رەفتاری پیشەیی رەسەن لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان/خوێندکاران لە قۆناغەکانی پرۆسەی خوێندندا، لە گشت زانکۆ و ئەنجومەن و دەستە و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان ئەم رێکارەی دەرچواند.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
- گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ رێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ رێزدا.
- ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیە پزیشکیەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ رێزدا.
- گشت زانکۆ و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ و راگری کۆلێژ و پەیمانگە/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ رێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوان وەزارەت/ نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی/ بۆ زانین/لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە